# ماسی گرتن له سوید





# هەموو ماسیەک خاوەندارە

لە سوید هەموو ئاوێکی ماسیگرتن خاوەندارە و لەبەر ئەوە دەبێت مۆڵەتت هەبێت لە لایەن خاوەنەکە بۆ ئەوەی بتوانیت ماسی بگریت.

لە زۆربەی ئاوەکان دەتوانیت کارتی ماسی گرتن بکڕیت کە مۆڵەتت پێدەدات کە بتوانیت لە ڕێک ئەو ئاوە ماسی بگریت. ئەگەر دەتانەوێت زیاتر بزانن دەربارەی ئەوە کە لە چ شوێنێک دەتوانن ماسی بگرن و لە چ شوێنێک دەتوانن کارتی ماسیگرتن بکڕن ئەوا پرسیار لە بیرۆی گەشتکار پرسیار بکەن.

ماسی گرتن بە بێ مۆڵەت (کارتی ماسی گرتن) یاساشکاندنە کە لەوانەیە ببێتە هۆی سزای زیندان.

ئەگەر سەرپێچیکردن لە ئەو یاسانەی ماسیگرتن بکەیت کە هەیە لە ئەو ئاوەی کە لەوێ کارتی ماسی گرتنت کڕیوە ئەوا لەوانەیە تاوانبار بیت کە مزی کۆنترۆڵ بدەیت بە ئەو کەسەی کە خاوەنی ماسیەکەیە.

TOURIST INFORMATION

بیرۆی گەشتکار دەتوانن یارمەتی ئەتۆ بدەن بە زانیاری دەربارەی ئەوە کە لە چ شوێنێک بۆت هەیە ماسی بگریت و لە چ شوێنێک کارتی ماسی گرتن دەکڕیت. ئەوان هەروەها دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ زانیاری دەربارەی ئەوە کە کام یاساگەلی ماسی گرتن هەن لە ئەو ئاوەی کە ماسی گرتن ئازادە.

# ڕیزپەڕی - ماسی گرتنی ئازاد

لە کەناری دەریا و ئەو پێنج گۆمەکان ڤینەرن، ڤێتەرن، مێلارێن، هیەلمارێن و ستوورشێن لە یەمتلاند (نەخشە ببینە) ماسی گرتن بە کەرەستەی ماسی گرتن ئازادە و واتە پێویست بە کڕینی کارتی ماسی گرتن نیە بۆ ئەو جۆرە ماسی گرتنە!

بەڵام بە پێچەوانە ڕێساگەل هەن کە هەرچەن دەبێت ڕەهایان بکەیت، بۆ موونە ماسیەکان دەبێت چەندە گەورە بن بۆ ئەوەی بتوانیت هەڵیانگریت و ڕێساگەل کە بڕیار دەدەن کە لە چ کاتێک و لە چ شوێنێک گرتنی هەندێک جۆرە ماسی قەدەخەیە.

سەرپێچیی کردنی ئەو ڕێسانە یاساشکاندنە کە لەوانەیە ببێتە هۆی سزای زیندان.


**کەرەستەی دەستی**
بە کەرەستەی دەستی مەبەست ماسی گرتن بە یەک (١ دانە) قولاپی ماسیگرتن، ماسیگرتن لە سەر سەهۆڵ یان کەرەستەی لەوجۆرە کە تەنافی پێوەیە یان ئەوپەڕی ١٠ قولاپ.

## شێوازگەلی قەدەخەی گرتنی ماسیی

لە سوید ماسی گرتن بە نێزە، ڕم یان تیر نەهەنگ ڕاو کردن و کەرەستەی دیکە کە دەکرێت ماسیەکەی پێی کون کەیت قەدەخەیە. ڕاکشانی ماسی بە قولاپ هەروەها قەدەخەیە. ماسیەکە دەبێت بە ویستی خۆی قەپ بە قولاپەکە بگرێت.

ماسی گرتن بە چەک، تەقەمەنی، ژەهر و بەرق هەروەها قەدەخەیە.

ناوەچەیی کەرەستەی دیکە لەوانەیە هەروەها قەدەخە بن. لەبەر ئەوە هەمیشە لێبکۆڵەوە کام کەرەستە ڕێپێدراون لە ئەو شوێنەی کە دەتەوێت ماسی بگریت.




ئەو پێنج گۆمە گەورەکان. لە ئەم گۆمانە و لە کەناری دەریا کەرەستەی دەستی ماسی گرتن ئازادە.



## کورتە دەربڕین

- ئەوە بەرپرسیاریەتیی خۆتە کە لێبکۆڵیتەوە کە کام ڕێساگەلی ماسی گرتن برەویان هەیە لە ئەو شوێنەی کە دەتەوێت ماسی بگریت.
- بیرۆی گەشتکار زۆربەری کات دەزانن چ شتێک برەوی هەیە، ئەگەر نادڵنیایت پرسیار لە ئەوان بکە.
- بۆ ماسی گرتن ناچاری کارتی ماسی گرتن بکڕیت. ڕیزپەڕی هەیە لە کەناری دەریا و ئەو پێنج گۆمەکان ڤێنەرن، ڤێتەرن، مێلارێن، هیەلمارێن و ستوورشێن لە یەمتلاند لەوێ ماسی گرتن بە کەرەستەی ماسی گرتن ئازادە.
- هەرچەن ماسی گرتن ئازادە لە کەناری دەریا و ئەو پێنج گۆمەکان ڕێساگەلی ماسی گرتن هەیە کە دەبێت ڕەهایان بکەیت.

## زانیاری لە لایەن

Fiskevårdsområdena & Fiskevattenägarna
یەکێتی خودی کۆمەڵەی ناوچەیی چاودێریی ماسی گرتن!
www.fiskevattenagarna.se

Landsbygds-nätverket 2020
– samverkan för utveckling
www.landsbygdsnatverket.se

EUROPEISKA UNIONEN
Europeiska struktur- och investeringsfonderna

Länsstyrelserna